# ئـافرەت و ٨ی مارس

حەسەن سەیدباقی

لەسـەر دەمانێکەوە کـە کۆمـەڵگای بەشـەریەت بەچـینەکان دابەش بووە، چەوسێنەرو چەوساوە دروست بووە. کویلـە بوونـی ئافـرەت وەك سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی بوونـی هـەبووە، هـەر ئەمـڕۆش لـە کۆمـەڵگای سەرمایەداری چەوساندنەوەو ژێر دەستە بوونی ئافرەت، یەکێکە لەو شێوازە نامرۆڤایەتی‌یەی کە تێدا دەچەوسێنەوە. هەروەك لـە جیاوازی مەسـەلەی نەتـەوەکان و ئـایین و ڕەنگـی پێسـت سـود و کـەڵك وەردەگـرن بـۆ زیاتـر چەسـپاندنی دەسـەڵاتی سـەرمایە لـە دونیادا، ئاوەهاش ئافرەت و پیاو جیا کراوەتەوە نایەکسان بوون، ئافرەت وەك کالاّیەك سـوودی لێ وەرگیراوە بۆ خۆشی پیاو کەڵەکە بوونی سەرمایە، بەکاربردنی لە دەزگە ڕاگەیەنەرو جل وبەرگ و زۆر شێوازی تردا.

ئـەو بـێ مـافی و نامـرۆڤایەتی‌یەی کـە بەرامـبەر ئافرەت بەکار هاتووە لەمەیدانە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسـی، ناهێمـنی و دابـێن نـەبوونی ژیانـێکی تـەواو بـۆ ئافـرەت، لەژێرسـایەی یاسـاو نەریتـێکی کۆنەپەرسـتی و زاڵ بوونـی ئەو نەریت و یاسا ئاینی و هەوڵاردنی مەسەلەی جنسی بەسەر ئافرەت دا سەپێنراوە. بوونەتە کۆیلەی پیاو، پیاویش کۆیلەی ڕژێمی سەرمایەبوون.

هـەر ئەمـەش بوو لـە ٨ی مارسـی ١٩٠٨ دا ئافـرەتە کرێکارەکانی کارگـەی چینین لەشارێکی ئەمریکی (میامی) گەورەتـرین ناڕەزایـەتی و خۆپیشـاندانیان بـەڕێ خسـت، کـە خوازیـاری یەکسـانی مافیـان بـوون لەگـەڵ پـیاودا، وەتوانـیان بـە یەکگـرتووی خـەباتی نەپساوەیان، ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانیان بەسەر دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا بسـەپێنن بـەڕەسمی. هـەر بۆیـە هـەموو سـاڵێك لـەو ڕۆژەدا یـاد و خـەباتی ئافـرەتانی کـرێکار لەگەڵ پیاواندا بۆ ڕزگاربوونی بەشەریەت لە جۆش و خرۆشدایەو بە بەردەوامی ماوەو ڕۆژی پیرۆزی خەباتی ئافرەتانە.

هەمیشـە لە ڕژێمی سەرمایەداری‌دا ئافرەت وەك هاوخەباتەکانیان کرێکارانی پیاو دەچەوسێنەوە لەسایەی یاساو نەریـتی بـۆرژوازی و خاوەندارێتی‌تایبـەت و کۆیلەبونـیان بـەکاری کرێگـرتە. هـەر بۆیە ڕزگاری ئافرەت پەیوەستە بەخـەباتی پرۆلیـتاریاو شۆڕشـی سۆشـیالیزمی کارگـەری. واتە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن کارگەران بۆ تێك شکاندنی پەیوەندی بەرهەم و کاری کرێ گرتەو دابێن کردنی بنەمایەکسانی کۆمەڵایەتی(ئافرەت و پیاو) چونکە لەسـەردەمانێك کـە بـۆرژوازی فەرمان ڕەوایە یاساو عورفی کۆنەپەرستی و ئایین دەستی بەکارەو پیاو سەروەری ماڵـە (لەخـێزاندا پـیاو دەوری بـۆرژوازی، ژنـان دەوری پرۆلـیتاری)یە، واتـە ڕزگـار بوونـی ئافرەت پەیوەستە بە شۆڕشـی پرۆلیـتاریاو ڕزگـار بوونی بەشەریەت لەهەموو کۆیلەیەتی و نا یەکسانیەك. نەزم و نەریتی ئیمپریالیستی جـیهانی ئەمـڕۆ لـەدژواری و بـێ ئاسـۆدایە هەربۆیـە هـەوڵ و کۆشش بۆ ڕزگار بوونیەتی لەو تەنگ و چەڵەمە. بۆ

دۆزینەوەی ئاسۆیەك بۆیان، هێرش دەكەنە سەر ئازادی كرێكاران دەبنە بەربەست لەبەردەم ڕزگاری پرۆلیتاریاو بەشەریەت هەربۆیە ئافرەتیش كەوتۆتە بەر ئەو هێرشە، ژیانیان و باری گوزەرانیان بەرەو ناهەمواری دەڕوات، بەتایبەت ئافرەتانی كرێكارو زەحمەتكێشان، نەزم و نەریتێ كە ئافرەتان پیێ بێكار دەكرێت و بەرەو كاری ناومالێ و بەخێوكرنی مندالێ دەنێرن، پەیامێكی گەندەلێ و پوچی سەرمایەداری جیهانیەیە بۆ ئافرەتان و دورخستنەوەیان لەگەڕخستنی مەیدانی ئابووری و سیاسی، پەیامێ لەچەشنی گۆرباتشۆف و تاتشەرو ڕیز بەستنی بازاڕی ئازاد و سەرمایەی دەوڵەتی شورەوی سەپاندنی ئەو ڕێچكەیە لەڕێگەی فەرهەنگ و سیاسەتی كۆنەپەرستی سەرماداری، ئەمڕۆش لەعێراقدا بەشێوەی مەزهەبی و ناسیونالستی پەیڕەوی ئەو پەیامە بۆگەنە دەكرێت لەبوار خواستی دواكەوت و ترین باوەڕی كۆمەلآیەتی بۆگەن. هەربۆیە ئافرەتی كرێكار شان بەشانی پیاوانی كرێكار لەخەباتی بەردەوامدان و لەڕیزی پێشەوەی خەباتی دژی چەوساندنەوەو سیستەمی گەندەڵی بۆرژوازی دان. وە ٨ی مارس نیشانەی ئەو خەبات و ریز بەستنەی دەربڕینی ناڕەزایی ئافرەتانە، بۆ پەیامی یەكسانی و ڕزگاری بەشەری. هەروەك هاوكاری، هاوخەباتی ئافرەتان و بەشداری ڕاستەوخۆیان لەئازاری پاردا شان بەشانی پیاوان و بەشداریان لە شوراكانداو لەهێرش بردنە سەر دام و دەزگا داپلۆسێنەرەكانی بەعس بۆ ڕزگار بوون لە زولم و ستەم و چەوساندنەوە، نیشانەی ڕاستی ئەو واقعە مێژوویەیەو پەیامی كرێكارانی جیهانن لە ئازادی و یەكسانی و ڕزگاربوونی بەشەریەت لەمەینەتەكانی ژیان.

ئەمڕۆش كە لەعێراقدا نەزم و نەریت و قەلآی سەرمایەداریە دژی ڕزگای بەشەریە، ئافرەتان دەچەوسێنەوە، وەك مرۆڤێكی دەرەجە دووی كۆمەلآیەتی رەفتاریان لەگەلێ دەكرێت و لەهەموو مافێكی كۆمەلآیەتی بێ بەشن تەنها بۆ خۆشی پیاوە وورگ زلەكان و بەرهەمهینەری مندالێ و زیاد كردنی نەوەكانن، لەعێراقدا بۆ پاراستنی یاساو عورفێكی كۆنەپەرستی و فاشی بەعس و ئایین و ناسیونالستەكانی ناوچەكە.

هەروەك ڕەشە كوژی و تیرۆر دەكرێن بە بڕو بیانووی جۆراوجۆرو پاراستنی ناموس و..تاد. ئا ئەمەیە ژیانی مرۆڤ (ئافرەت) لە وولآتی بۆرژوازیدا لەسای یاسای كۆنەپەرستیدا ڕۆژ بە ڕۆژ باری ژیانی ئافرەتان بەرو خراپتر دەچێت، وە ئەو بارە مێژویەش كە خودی شۆڕشی سۆشیالیستی پرۆلیتاری ڕزگار كەرە، پەیامی ژیانی نوێی كۆمەلآیەتیەو ئافرەت وەك مرۆڤ لەسای سۆشیالیزم و كۆمۆنیزمدا هەست بەبوونی واقعی خۆی دەكات لەیەكسانی تەواوی كۆمەلآیەتی لەگەلێ پیاودا. هەربۆیە بەشداری ئافرەت لەشۆڕش دا نیشانەی ڕزگاربونەیەتی لەدەردو مەینەتی وەتا ئافرەت ڕزگاری نەبێت كۆمەلێ ڕزگاری نابێت. واتە ئافرەت تەواوكەری ڕەوڕەوەی مێژوی خەباتن بۆ ئازادی و یەكسانی و گرتنە دەستی دەسەلآتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە، وەیادی ٨ی ئازاری ئەمسالێ ڕەنگ دانەوەی خەبات و ڕاپەڕینی ٧ی ئازاری پارەو دەبێت مەشخەڵی ڕاپەڕینی داهاتووی خەبات بێت بۆ ڕزگاری و نەمانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و یەكسانی تەواوی كۆمەلآیەتی ئافرەتان و پیاوان بێت.



©KurdistanNet